## ئۆپۆزسیۆنێك دەناسم!

, | 26. کانونی دووەم 2013 11:23

Source: www.hawlati.co




ئاسۆ عەبدولەتیف

ئەڵێن جارێك پیاوێكی عەشایەری گوندی ئەبێت لەبەردەم مزگەوتی گوندەكەیان، لەدەست ناعەدالەتیو زۆرداریو ستەمی زەمانە، هەر هەرەشە ئەكاتو خەڵك كۆئەكاتەوەو ئەڵێت خەڵەو خەرمانی ئاغاو دەرەبەگ ئەسوتێنمو بروخێت دەرەبەگ، ساڵ ئەرواتو ساڵ دێت نە خەلە ئەسوتێتو نە خەرمانو نە دەرەبەگیش ئەروخێت، ستەم هەر ستەمەو پیاوی هەرەشەكەریش هەر خەریكی خۆ گیڤكردنەوەیە تا تەواو بێتاقەت دەبێتو تاقەتی هەرەشەكانیشی نامێنێت، رۆژێك دەرەبەگ كە پیاوێكی عاقڵە لەگەڵ هاورێكانیدا بانگیان ئەكات بۆ دەعوەتێكو یەك گای سوریان بۆ سەر ئەبرێت بەبرنجی كوردیەوەو پێیاندەڵێت بخۆن بەس توخوا مەڵێن بروخێ دەرەبەگ! رێك ئۆپۆزسیۆنی كوردیش وایە ساڵەهایە داوای ریفۆرمو چاكسازیو بایكۆتو مانگرتنو خۆپیشاندانو كەمپین دژی دەسەڵات ئەكاتو كەچی لەواقیعدا سفر بەدەستو هەر خەریكی كۆبونەوەن لەگەڵ دەسەڵات..

ئۆپۆزسیۆنێك دەناسم كە تەنیا ناوی ئۆپۆزسیۆنەو لەلایەك چاوەروانی ئیمتیازەو لەلایەكی ترەوە چاوەروانی موشارەكەیە، ئۆپۆزسیۆن لە 17ی شوباتی پار بە بەیاننامەیەك رووی خۆیان بەرەو دەسەڵات كەچ كرد كە ئامادەنابن خۆپیشاندان بكەن وایانزانی بەم كارە دەسەڵات مەكرەمەیان ئەكات! بەڵام كە زانیان وانیەو ئەوە وەهمە هەم گۆڕانو هەم كۆمەڵو یەكگرتووش میدیاكانیان خستەگەڕ بۆ جوڵەپێكردنی خەڵكی كەمدەستو ناڕازی بۆ چوونە سەرشەقامو خۆپیشاندان بەڵام وەك هەرەشەی پیاوەكە هیچی سەوز نەكرد دەعوەتێك نەبێت.

لەتەواوی دونیادا ئۆپۆزسیۆن یان بایكۆتی دەسەڵات ئەكات یان موشارەكەی دەسەڵات، مۆدێلێك نابینینەوە وەك ئەم ئۆپۆزسیۆنە شەرمنو بێ گوتارو بێ پرۆژە، ئەمە چ گوتارێكی سیاسیەو چ مۆدێلێكە؟ كە لەلایەك شاگەشكە ئەبیت بەكۆبونەوەكانی سەرۆكی هەرێمو لەلایەكی ترەوە چەقۆی میدیاكانیان تیژ ئەكەنەوە بۆ هەمان ئەو سەرۆكە، سەیركەن ئەم ئۆپۆزسیۆنە بۆ یەكجار لەگەڵ پەرلەمانو پەرلەمانتاران كۆنەبونەتەوەو داوای سیستمی پەرلەمانیش ئەكەن، بەردەوام لەگەڵ سەرۆكو سەرۆكی مەكتەب سیاسیەكاندا كۆئەبنەوەو سیستمی سەرۆكایەتیش رەدئەكەنەوە، پارەو بودجەی خەیاڵی وەردەگرنو ناهێڵن بودجە تێپەرێت، لەپەرلەمان شەری بێمانا ئەكەنو لەهاوینەهەوارەكانیش گفتوگۆی بیزەنتی، لەمیدیاكانەوە شینو شەپۆرو لەدانیشتنە ئاساییەكانیشدا برایەتیو پێكەوەیی، ئۆپۆزسیۆنێكمان هەیە ساتێك لەگەڵ جەماوەرەو سەد سات ئەچێتە خەڵوەت لەگەڵ دەسەڵاتدا بۆ بەدەستهێنانی دەستكەوت، میدیایەك ئەخەنەگەڕ بۆ بزواندنی شەقامو خۆشیان تەماشاكەر، وەك تەماشاكردنی پاشایەكی ستەمكاری سادیزم بۆ گلادیاتۆرەكان كە چۆن ئەكەون بەعەرزاو خوێنیان لێ ئەچۆرێت تا مردن. كە ئەمە پەیوەندی بەنەبوونی گوتاری سیاسیو ئەجنداوە هەیە كە هەم پێنەگەیشتووەو هەم ناتوانێت بەرگە بگرێت لەئاست ئەفسوونو سیناریۆكانی دەسەڵاتدا.

حیزبە ئۆپۆزسیۆنە ئیسلامیەكان خاڵی بوونەتەوە لەحەماسەتی شۆڕشگێریو ناخوازن بەتەواوی ببنە داینەمۆی خەڵكو ئۆپۆزسیۆنی راستەقینەو سەدان مووی "موعاویە"یان هێشتووەتەوە لەگەڵ دەسەڵاتداو دوورمەودا كاردەكەنو ئەمە ئەزانین، ئەدی خێرە گۆڕان چووەتە ئەو گەمەیەو وەك ئەوان بیر ئەكاتەوەو نوێژی جەماعەتیش پێكەوە ئەكەن؟